## بەیاننامەی ریکخراوی دەرەوەی وولاتی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق سەبارەت بە:

# تاوانەکانی زیندانی جادریە لەعیراقدا!

تاوانیکی گەورەی تری حکومەتە قەومی و ئیسلامی و عەشیرەتیە دەستکردەکەی ئەمریکا لەعیراقدا ئاشکرا بونی زیندانی نهینی جادریەیە، کەراستەوخۆ وەزارەتی ناوخۆی عیراقی بەریوەی بردوە، لەویدا ژمارەیەکی زۆری زیندانی هەبوون کەبەشیوەی جۆراوجۆر رفینراون و بەدرندانەترین شیوە ئەشکەنجەدراون. وەزیری ناۆخۆی عیراق باقر صۆلاغ ئیعترافی ئەمەی کردوە بەلام دەلێ: ئەمانە هەزار زیندانی نەبون صەد نەفەریك بوەو بەصەدان ئەشکەنجە نەدراون 7 زیندانی ئەشکەنجە دراوەو هەتا دەلی شوینی ئەشکەنجە بەپشتیانەوەیە. ئەمە لەدەمی خودی سەرانی دەولەتەوە ئەوتریت، کەزیندانی شاراوە هەیە، وەخەلکانیك تیایدا ئەشکەنجە دەدرین...ئەگەر تەنیا یەك زیندانی لەو زیندانە شاراوەیەدا بیت و ئەشکەنجە درابیت ئەوە دەلیلی ئەوەیە کە هەمان رژیمەکەی صدام حوکم دەکات بەلام بەدموچاوی جیاوازەوە.

بەدوای رژیمەکەی صدامدا ئەمە یەکەمین کاریك نیە ئەوانە وەك نوینەری ئەمریکا لەعیراقدا ئەنجامی دەدەن، لەگرتن و رفاندن و کوشتن و بیخانەو لانەکردنی خەلك، ئەو چەقۆ کیشانە کەلەسەر ئەساسی بەرژەوەندی خۆیان و بردنە پشەوەی سیاسەتی ئەمریکاو دەولەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە لەوانە جمهوری ئیسلامی ئیران تەوافقیان کردوەو هاتونەتە سەرکار، زۆر تاوانی تری لەم جۆرەیان ئەنجام داوە، حاکمیەتی دەستەوتاقمی ناسیونالیزمی کورد لە 14 سالی رابردودا کەمتریان نەکردوەو هەر لەدوو هەفتە لەمەو بەر لەکوردستاندا بەبەرچاوی کۆمەلگای کوردستانەوە د، کەمال سید قادریان رفاندو لەژیر فشاری نیودەولەتیدا ئاشکرایان کرد، بەدوا دەنگدانی دەستوردا ئەو کەسانەی دەنگیان بۆ دەستورەکەیان نەداوە کەوتونەتە بەرهیرش و وەزیری ناوخۆکەی حکومەتی یەکیتی فەتاح زاخۆیی لەو کەسانە بوو، بەدوایدا جلال تالەبانی خەلکانی کەرکوکی بەخیانەتکار ناوزەد کرد کەلەبەر نەبونی و نەداری ناتوانن لەوشارەدا بژین، هەروەها تەقەکردن لەخۆپیشاندانی شارەکانی کەلارو سلیمانی و ئاکری... ئەمە کارنامەی بەشیکی دەسەلاتداریتی عیراقە لەکوردستاندا...

تا بە ناوەراست و جنوب دەگەریتەوە، ئەوا لەزمانی وەزیری ناوخۆوە ئیعتراف بەو تاوانە دەکات بەلام قواتی بەدری سەر بەمەجلسی ئەعلا و دروستکراوی جمهوری ئیسلامی ئیران پاکانە دەکات کەدەستی لەو کارەدا نیە، لەکاتیکدا ئەو دەستەو تاقمە لەناوەراست و جنوبی عیراقدا نەك خۆیان بەلکو بەهەزران لەپاسدارانی جمهوری ئیسلامی ئیرانیان هیناوە و لەناو هیزەکانی پۆلیس و سەربازی عیراقی بلاویان کردونەتەوەو خەریکی ئینسان رفاندن و کوشتن و تۆقاندن، هاوکاتی ئەمانە هیزەکانی جەیشی مەهدی و صدر، هەر لەکوشتنی ژنان و ئیعدامی ئاشکرا و سوتانی صالۆن وسینەماو مشروب فرۆشیەکانەوە بگرە تا دەکاتە زەواجی متعەو حجابی بەزۆر و فتوای ئاشکرای خەلکانی رادیکال و پیشکەوتنخواز...کارنامەی رۆژانەیانە، ئەمانە بەشیکی تری پیکهینەری ئەو شکلە دەسەلاتەیە لەعیراقدا...
ئیتر جگە لەگەندەلی ئیداری و دزینی سەروەت و سامانی کۆمەلگا لەلایەن ئەو دەسەلاتدارانەوە کە دەستی ناوەتە بینە قاقای خەلکی عیراق و نانیکی وشکیان پیٚ رەوا نابینن، هەروەها شەری تیرۆریستی لایەنە ئیسلامیەکانی لەچەشنی زەرقاوی و پاشماوەکانی رژیمی صدام و هیزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان ژیانی بۆ خەلك نەهیشتۆتەوە...

هەموو ئەو هەلومەرجە زادەی سیاسەتی ئەمریکاو دەسەلاتداریتی حکومەتەکەی جعفری – تالەبانیە لەعیراقدا و دەبیت وەك رژیمەکەی صدام برۆن، ئەم تاوانانەی ئەمرۆ کەوەزیری ناخۆ ئەیسەلیمنیٚ و دەیان تاوانی تر کەئەو چەقۆ کیشانە ئەنجامی دەدەن، لەیەکەمین فرسەتی هەلپیچانی دەسەلاتیان و دەسەلاتداریتی جەماوەردا هەمویان وەك تاوانبارانی دژی خەلك دەهینرینە بەردەم دادگایی جەماوەریی، بۆ کۆتایهنانی یەکجاری بەهەلومەرجی ئەمرۆو بەتاوانەکانی صۆلاغەکان، زەرقاویەکان، تالەبانی و جەعفەری، صدر، قواتی بدرو هیزەکانی ئەمریکا لەعیراقدا، لەدەوری مەنشوری کۆنگرەی ئازادی عیراق کۆببنەوە کە تەنیا ریگا چارەی عەمەلی و کارسازەو دەتوانیت ئایندەیەکی باشتر بۆ خەلك مسۆگەر بکات.

2005-11-19